**وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی**
**ژمارە: (١٦٦١) لە ٢٠٢١/٦/٢٤**

پاڵپشت بە ماددەی (حەوتەم) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

**رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**
**رێنمایی کردنەوەی حوجرەی فەقێیان**

**ماددەی (١):**

**بۆ کردنەوەی حوجرەی فەقێیان پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بێنە دی :**

**یەکەم:** داواکارییەك پێشکەش بکرێت بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی / بەشی حوجرەی فەقێیان ، لە رێگەی بەڕێوەبەراتی ئەوقافی پەیوەندار .

**دووەم:** دیاریکردنی ناو شوێنی حوجرە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی بەیوەندار .

**سێیەم:** وەرگرتنی مۆڵەتی تایبەت بە کردنەوەی حوجرەی فەقێیان لەلایەن بەشی حوجرەی فەقێیان دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی .

**چوارەم:** لەکاتی پێشکەش کردنی داوای کردنەوەی حوجرە ، ژمارەی فەقێیەکان لە (١٠) فەقێ کەمتر نەبێت .

**ماددەی (٢):**

**هەر حوجرەیەك پێویستە بەڕێوەبەرێکی هەبێت کە ئەم مەرجانەی تێدابێت :**

**یەکەم:** بە لایەنی کەم دەرچووی خوێندنی (بەکالۆریۆس)ی زانستە ئیسلامییەکان بێت و خزمەتی لە (٥) پێنچ ساڵ کەمتر نەبێت لە بواری خۆیدا .

**دووەم:** دەبێت بەڕێوەبەری حوجرە (CV) زانیاری تەواوی خۆی پێشکەش بکات بۆ بەشی حوجرەی فەقێیان .

**سێیەم:** پشتگیری بکرێت بۆ توانای وانە ووتنەوە لەلایەن ئەنجومەنی زانستی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی .

**چوارەم:** فەرمانی بۆ دەربکرێت تایبەت بە ڕەزامەندی وانە ووتنەوەی لەلایەن بەشی حوجرەی فەقێیان.

**ماددەی (٣):**

**ئەو مامۆستایانەی وانە دەڵێنەوە لە حوجرەی فەقێیان پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەیان هەبێت:**

**یەکەم:** هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بن .

**دووەم :** (CV)زانیاری باری کەسی تەواوی خۆیان پێشکەش بکەن بۆ بەشی حوجرەی فەقێیان .

**سێیەم :** ڕەزامەندی وەربگرێت بۆ وانە ووتنەوە لە لایەن بەشی حوجرەی فەقێیان .

**چوارەم :** ناوبانگی باشی هەبێت .

**ماددەی (٤):**

**ئەو شوێنەی بۆ حوجرەی فەقێیان دیاری دەکرێت پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت :**

**یەکەم :** رووبەری حوجرە لە (٣٠٠)م٢ کەمتر نەبێت بە شێوەیەك ژووری پێویستی هەبێت بۆ وانە ووتنەوە وخوێندن وحەوانەوە وخواردن دروستکردن و پێداویستیەکانی تر .

**دووەم :** تابلۆیەك بەناوی حوجرەکە لەگەڵ ژمارە و رێکەوتی مۆڵەت پێدانەکەی هەڵبواسرێت ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.........**

**ژمارەی و رێکەوتی مۆڵەت........**

**ماددەی (٥):**

**یەکەم** : هەر فەقێیەك لە حوجرەی وەردەگیرێت پێویستە تەمەنی لە (١٢) دوانزەساڵ کەمتر نەبێت و لە (١٥) پازدە ساڵ زیاتر نەبێت .

**دووەم :** ماوەی خوێندنی فەقێ (٦) شەش ساڵ دەبێت .

**سێیەم :** هیچ فەقێیەك تاقیکردنەوەی یەکسانکردنی بروانامەی زانستی بەشەشی ئامادەیی ئیسلامی لەلایەن ئەنجومەنی زانستی وەزارەتمان یان تەمهیدی بۆ ناکرێت ئەگەر تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر بێت.

**چوارەم:** لەسەر فەقێ پێویستە ساڵانە بەشداری بکات لە خولی بە هێزکردن ، وەك خولی (کۆمپیوتەر، زمانی ئینگلیزی و گەشەپێدانی مرۆیی ویان هەر زانستێکی تر کە سوود بەخش بێت بۆ فەقێ) کە لە لایەن حوجرەکان ئەنجام دەدرێن دوای ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی .

**ماددەی (٦):**

**یەکەم :** پێویستە حوجرەکان پابەند بن بەو مەنهەجەی کە لەم ڕێنماییە دیاریکراوە .

**دووەم :** تاقیکردنەوەی یەکسانکردنی بڕوانامەی زانستی (تعديل الشهادة) کە لەلایەن ئەنجومەنی زانستی ئەنجام دەدرێت بەهەمان مەنهەجی حوجرەی فەقێیان دەبێت .

**سێیەم :** شێوازی تاقیکردنەوەی حوجرە لەلایەن بەشی حوجرەی فەقێیان دەستنیشان دەکرێت .

**ماددەی (٧):**

**یەکەم :** وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەڵدەستێ بە دابینکردنی بودجەیەکی ساڵانە بۆ خزمەتی حوجرەکانی فەقێیان پاش ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی وئابوری ، و لە کاتی نەبوونی ئەم بودجەیە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەڵدەستی بە ڕاسپاردنی خێرخوازان بۆ دابینکردنی .

**دووەم :** لە کاتی وەرگرتنی هەر یارمەتییەك لەلایەن خێرخوازانەوە پێویستە بێ مەرج بێت ولایەنی پەیوەندیدار و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئاگادار بکرێتەوە .

**سێیەم :** پێویستە هەموو حوجرەیەك تۆماری دارایی هەبێت ، کە بریتی بێت لە داهات وخەرجی و شیاوی وودربینی بێت وساڵانە ڕەوانەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بکرێت .

**ماددەی (٨):**

**یەکەم :** پێویستە ئیدارەی حوجرە تۆماری هەبێت بۆ مامۆستایان .

**دووەم :** پێویستە ئیدارەی حوجرە تۆماری هەبێت بۆ کەل و پەل وتۆماری نمرەکان .

**سێیەم :** پێویستە ئیدارەی حوجرە ساڵانە دەفتەری تۆمار تاقیکردنەوەکانی فەقێیانی هەبێت .

**چوارەم:** پێویستە هەر حوجرەیەك مۆری تایبەتی بەخۆی هەبێت پاش ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی .

**پێنجەم:** بەشی حوجرەی فەقێیان لە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی (بڕوانامەی دیواری) بۆ هەر فەقێیەك کە بڕوانامەی (تعدیل الشهادة) بە دەستهێنا بێ.

**شەشەم :** لەلایەن بەرەێوەبەرایەتی حوجرەی فەقێیان ناسنامە (هویە) بۆ بەڕێوەبەران و مامۆستایان و فەقێیان دروست دەکرێت .

**ماددەی (٩):**

**یەکەم :** ئەنجومەنی زانستی لە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی هەڵدەستی بە تاقیکردنەوەی (تعدیل الشهادة) بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی زانستی کە لەلایەن مامۆستایانی حوجرەوە دەبەخشرێتە فەقێ ، و دەرچووی ئەم تاقیکردنەوەیە (تعدیل) بە بڕوانامەی (شەشەمی ئامادەیی قوتابخانە ئیسلامییەکان) دەکرێ بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٢٣) لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٠/٩.

**دووەم :** تاقیکردنەوەی (تعدیل الشهادة) تاقیکردنەوەیەکی وەزارییە و هەموو ساڵێ یەك جار ئەنجام دەدرێ و لە دوو خولدا کۆتایی دێت .

**سێیەم :** تەنها ئەو کەسانە بۆیان هەیە تاقیکردنەوەی یەکسانکردن (تعدیل الشهادة) ئەنجامبدەن کە ناویان لە بەشی حوجرەی فەقێیان تۆمار کراوە وەك فەقێ ، و پێویستە شەش ساڵی خوێندبێ لەحوجرە .

**چوارەم :** ڕێکەوتی تاقیکردنەوەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مزگەوتەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ بەشی حوجرەی فەقێیان پێشنیاز دەکرێ وفەرمانی وەزاری پێ دەردەچێت ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- (تەمهیدی) لە مانگی نیسان.

٢- خولی یەکەم لە مانگی حوزیران .

٣- خولی دووەم لە مانگی ئەیلول .

**پێنجەم :** ئەنجومەنی زانستی ساڵانە لیژنەی تاقیکرنەوەی تایبەت پێك دەهێنێت لە دەرەوەی ئەنجومەنی زانستی بۆ پسپۆریە تایبەتەکان لە لیژنەی تاقیکردنەوەی ئەزموونەکان .

**شەشەم :** پێویستە ناوی فەقێیەکان لەلایەن بەشی حوجرەی فەقێیان ووردبینی بکرێت و پاشان بەرزبکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی زانستی .

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم :** وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی ساڵانە هەڵدەستی بە سازدانی ئاهەنگی دەرچوون بۆ دەرچووانی حوجرەکانی فەقێیان لە کوردستان لە رۆژێکی تایبەت کە خۆی دیاری دەکات ، و دەرچووی ساڵانەی سەرجەم حوجرەکان لەم بۆنەیە بڕوانامەی دەرچوونیان پێدەدرێ .

**دووەم :** سەرپەرشتیاری دیاری کراو هەڵدەستی بە بەدواداچوونی حوجرەکانی فەقێیان لە رووی زانستی وکارگێرییەوە .

**ماددەی (١١):**

پرۆگرامی خوێندنی حوجرەی فەقێیان کە لە پاشکۆی ئەم رێنماییەدا هاتووە بەشێکی دانەبڕاوە لەم رێنماییە .

**ماددەی (١٢):**

ئەم رێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**